مەسرور بارزانی: پێویستە هەڵبژاردنی عێراق دوور لە پشێلکاری بێوبچڕت



ئەمڕۆ دووشەممە، 10ـی تشرینی دووەمی 2025، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پشوازی لە محەممەد ئەلحەسسان نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و سەرۆکی نێردەی (یوونامی UNAMI) کرد.

لە کۆبوونەوەدا، دوایین پەرەسەندن و گەشانکارییەکانی دەخی گشتیی عێراق و ناوچەکە و ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران تاوتوێ کرا .

هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر پێویستیی بێوچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە کەشێکی ئارام و دیموکراتیانەی دوور لە پشێلکاریی. هەروەها خوازیاربوون ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ببێتە هۆی بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیریی و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور و باشتربوونی دەخی خزمەتگوزارییەکان و ژیانی گشت هاووڵاتییانی عێراق.